# مەرجەکانی کاروکردەوەی باش

[ kurdish – کوردی – كردي ]


شێخ موحەمەد صاڵح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2013 - 1435

IslamHouse.com

# شروط العمل الصالح

« باللغة الكردية »

الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1435

IslamHouse.com

# مەرجەكانی كاروكردەوەی باش

**پرسیار** : چ كاتێك كاروكردەوەی باشە لە بەندەكان وەردەگیرێت؟ وە ئایا مەرجەكانی كاروكردەوەكان چین هەتاوەكو بە كاروكردەوەیەكی باشە هەژمار بكرێت و لای خوای گەورە جێگای قەبوڵ بێت ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار وياوەرانی هەتا هەتایە .

كاروكردەوەكان بە پەرستن و عیبادەت دانانرێن هەتاوەكو دوو مەرجی تێدا بەدی نەیەت: ئەو پەڕی خۆشەویستی بۆ پەروەردگار لەگەڵ ئەو پەڕی ملكەچی و زەلیلی بۆی، هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِلَّهِ ﴾ [ البقرة : ١٦٥ ] .

واتا : ئەوانەی كە باوەڕیان هێناوە خوای گەورەیان زیاتر خۆش دەوێت، وە دیسان فەرموویەتی : ﴿ إِنَّهُمْ كَانُوا يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَباً وَرَهَباً وَكَانُوا لَنَا خَاشِعِينَ ﴾ [ الانبياء : ٩٠ ] .

واتا: بێگومان ئەو بڕوادارانە پێشبڕکێ دەکەن لە کاروکردەوەی باش وچاکدا، و هەمیشە بە ئارەزومەندی و بە ترسەوە هاوار دەکەن و لێمان دەپاڕێنەوە بە، لەکاتێکدا ئەوان ملکەچ و گەردن کەچی ئێمەن.

جا ئەگەر هاتوو ئەمەی زانی دەبێت ئەوەش بزانێت کە پەرستنەکان لە موسڵمانێکی یەکخواپەرست نەبێت لەکەسی تر وەرناگیرێت، هەروەك چۆن پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ وَقَدِمْنَا إِلَى مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاءً مَنْثُوراً ﴾ [ الفرقان : ٢٣ ] .

واتا : بێباوەڕان دەڵێن : ئێمە کاروکردەوەی باشمان لە پێش خۆمانەوە ئەنجامداوە، بەڵام هەرهەموویمان کرد بە باداو بەفیڕۆ چوو .

لە صەحیحی موسلمیشدا ئەم ڕیوایەتە هاتووە : عن عائشة رضي الله عنها قَالَتْ : قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ ابْنُ جُدْعَانَ كَانَ فِي الْجَاهِلِيَّةِ يَصِلُ الرَّحِمَ وَيُطْعِمُ الْمِسْكِينَ فَهَلْ ذَاكَ نَافِعُهُ قَالَ : « لا يَنْفَعُهُ إِنَّهُ لَمْ يَقُلْ يَوْمًا رَبِّ اغْفِرْ لِي خَطِيئَتِي يَوْمَ الدِّينِ » [ رواه مسلم ٢١٤ ] واتا : عائیشەی دایکی بڕواداران (خوای

لـێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ووتم ئەی پێغەمبەری خوا (ابن جدعان) لە سەردەمی نەفامیدا کەسێك بوو صیلەی ڕەحم و خزمایەتی بەجێ دەهێنا، وە نانی دەدا بە هەژاران، ئایا ئەم کارەی سوودی دەبیت بۆی ؟ پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرمووی : هیچ سوودی بۆی نابێت، ئەگەر ڕۆژێك لەرۆژان نەیوتبێت : ئەی خوایە لەڕۆژی دواییدا لە تاوان و گوناهەکانم خۆش بە . ئەمەش مانای وایە خوای گەورە کاروکردەوەی چاکە لەکەسێك وەرناگرێت ئەگەر باوەڕی بە ڕۆژی دوایی و زیندوو بونەوە نەبێت، و ئومێد و ڕەجای ئەوەی نەبێت کە دەگاتەوە لای خوای گەورە .

مرۆڤی موسڵمان کاروکردەوەکانی دوو مەرج هەیە تێیدا نەیەتەدی لای خوای گەورە وەرناگیرێت :

یەکەم : پاکردنەوەی نیەت بۆ خوای گەورە، مەبەست لەمەیش ئەوەیە بەندەکان دەبێت هەرکار و گوفتارێکی نهێنی و ئاشکرا کە ئەنجامی دەدەن تەنها و تەنها مەبەست لێیان ڕەزامەندی خوای گەورە بێت و بەس .

دووەم : دەبێت ئەو کاروکردەوەیەی کە دەیکەن هاوتا و موافقی ئەو شەریعەتە بێت کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە، ئەمەش بەوە دەبێت لەکاتی ئەنجامدانی کاروکردەوەکاندا شوێن پێی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هەڵبگیرێت و سەرنج بدرێت ئەو چۆنی کردوە بەبێ هیچ کەم و زیادێك وەك ئەوە بێت کە ئەو کردوونی، وە خۆ وە دوور بگیرێت لەو شتانەی ئەو قەدەغە و ڕێگری لێ کردوون، وە نابێت هیچ عیبادەت و پەرستنێك دابهێنرێت کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەنجامی نەداوون، و لەوەوە جێگیر نەبوون .

بەڵگەش بۆ ئەم دوو مەرجە ئەم ئایەتە پیرۆزەیە کە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ فَمَنْ كَانَ يَرْجُوا لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلاً صَالِحاً وَلا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَداً ﴾ [ الكهف : ١١٠ ] واتا : هەرکەسێك ئومێدی ئەوەی هەیە کە بگەڕێتەوە بۆلای خوای گەورە و بگاتەوە حزوری ئەو، ئەوە با کاروکردەوەی چاك و باش ئەنجام بدات، وە هیچ شتێکیش نەکات بە هاوەڵ و شەریکی خوای گەورە .

ابن كثير ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا ووتویەتی : هەرکەسێك ئومێدی ئەوەی هەیە پاداشتی کردەوە باشەکانی وەردەگرێت لای خوای گەورە، ئەوە با کاروکردەوەی چاك و باش ئەنجام بدات، واتا : دەبێت هاوتا و موافیقی شەرع بێت، وە مەبەست لە ﴿ وَلا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَداً ﴾ ئەوەیە کە مەبەستی تەنها ڕەزامەندی خوای گەورە بێت و هیچ شتێك نەکاتە هاوبەشی خوای گەورە لە نیەت و مەبەستەکانیدا، ئەمەش ئەو دوو مەرجەن کە کاروکردەوەی چاك و باشیان پێ لای خوای گەورە وەردەگیرێت، ئەویش دەبێت بە تەنها نیەت و مەبەست لێی ڕەزامەندی خوای گەورە بێت، وە پاشان بە پێی ئەو شەریعەت و بەرنامەیە بێت کە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) هێناویەتی و فەرمانی پێکردووە .

جا هەرکاتێك بەندەکانی خوای گەورە زیاتر شارەزا بوون بە ناو و صیفەتەکانی پەروەردگاریان ئەو کاتە ئیخلاصیان زیاتر دەبێت بۆی، وە چەندێکیش زیاتر شارەزای سوننەتی پێغەمبەری خوا بن ( صلی اللە علیە وسلم ) هێندە زیاتر هەوڵدەدەن کە ووردتر

شوێن پێی ئەو هەڵبگرن لە کاتی ئەنجامدانی کاروکردەوەکانیاندا، لەبەر ئەوە بە (ئیخلاص و نیەت پاکی ) و ( شوێن پێی هەڵگرتنی پێغەمبەری خوا ) بەندەکان سەرفرازی و ڕزگاری هەردوو دونیا بەدەست دەهێنن، لەخوای گەورە دەپاڕێینەوە کە سەربەرز و سەرفرازی دونیا و دواڕۆژمان بکات ...

سەرچاوە : ماڵپەری ئیسلام پرسیار و وەڵام ...